# کاریگەریی شێوازەکانی نووسینی رۆژنامەوانی لەسەر خوێندنەوەی بابەتەکان لە رۆژنامەی هەولێردا: توێژینەوەیەکی رووپێوییە خوێندکارانی زانکۆ بە نموونە

**ئاریانا ئیبراهیم**
بەشی راگەیاندن، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە کە بەناونیشانی (کاریگەری شێوازەکانی نووسینی رۆژنامەوانی لەسەر خوێندنەوەی بابەتەکان لە رۆژنامەی هەولێردا) هەوڵێکی زانستیە بۆ بە دیهێنانی پەیوەندی لە نێوان نووسین و خوێندنەوەی بابەتەکانی رۆژنامەوانیدا، بە ئامانجی دۆزینەوەی کاریگەریی شێواز و تەکنیکی نووسینی بابەتە رۆژنامەوانییەکان لە رۆژنامەی هەولێردا لەسەر خوێندنەوەی بابەتەکان لەلایەن قوتابیانی زانکۆوە بەنموونە، ئەم توێژینەوەیە بەپێی میتۆدی وەسفی ئەنجام دراوە لە ریگەی شیکردنەوەی شێوازەکانی نووسینی رۆژنامەوانی لە رۆژنامەی هەولێردا لە نێوان (2020/1/15 تا 2020/2/15) یەك مانگ وەك سامپلی توێژینەوە وەرگیراوە، کاریگەریی لەسەر خوێندنەوەی بابەتەکان لەلایەن خوێندکارانەوە، هەروەها ناوەرۆکی توێژینەوەکە لە پێشەکی و سێ باس سەرەکی پێکهاتووە، بریتین لە چوارچێوەی گشتی توێژینەوە، ولایەنی تیۆری توێژینەوەکە شێوازەکانی نووسین و خوێندنەوەی بابەتەکانی رۆژنامەوانی، و لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە شیکردنەوەی فۆرمەکان ناوەرۆك و راپرسی. لە ئەنجامدا بۆمان دەردەکەوێت کە نووسین و خوێندنەوە لە رۆژنامەی هەولێر پەیوەستن بەیەکەوە و هەر ئامرازێکی میدیایی کۆمەڵە تایبەتمەندی خۆی هەیە بۆ نووسینی بابەتەکان کە لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی ئامرازەکە گونجاو بێت تاکو سەرنجی خوێنەر بۆ بابەتەکە رابکیشێت هەروەها شێوازەکانی نووسین کاریگەرییەکی خۆی هەیە لەسەر سەرنجراکێشانی خوێندکاران بۆ خوێندنەوەی بابەتەکان. لە کۆتاییدا توێژەر پێشنیازی رێکخستنی کارەکانی میدیایی دەکات بۆ دارشتنی سیاسەتێکی گشتگیر بۆ نووسین لە رۆژنامەکان کە لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی خوێنەر گونجاو بێت و بایەخدانی زیاتر بە شێوازەکانی نووسین بدات.

**وشە کلیلەکان:** شێواز، نووسین، خوێندنەوە، ژانرەکان، زمان.

## 1. پێشەکی

ئەنجامدانی توێژینەوە لە بابەتی نووسین و خوێندنەوەی بواری رۆژنامەوانیدا کارێکی پێویستە چونکە زۆرجار هۆکاری تێنەگەیشتن لە ئامرازی پەیوەندیکردن و شێوازی نووسینەکەی دەبێتە هۆی تێنەگەیشتنی خوێنەر لە بابەتەکە بەگشتی هەروەها نەبوونی لێکۆڵینەوەی پێویست بۆ روونکردنەوە و شیکردنەوەی ئەم جۆرە پەیوەندییە دەبێتە هۆی ئاڵۆزی و لاوازی و کەمی رێژەی خوێنەران بۆ بابەتە رۆژنامەوانییەکان. بۆیە توێژینەوەی زانستی لەم بابەتەیە بە یەکێك لە پێوەرە سەرکەوتووەکانی لایەنە زانستییەکەی دادەنرێت، دەتوانرێت بە هۆیەوە کێشەی پەیوەست بە بواری خوێندنەوە و نووسینەوە بەرەو چارەسەرێکی گونجاو هەنگاو بنێت یاخود تیشك بخرێتە سەر لایەنە لاواز و گرفتەکانی ئەم بابەتە، چونکە لە ریگەی خوێندنەوە و نووسینی رۆژنامەوانی خوێنەر ئاشنا دەبێت بە دوایین گۆڕانکاری و پێشهاتەکانی سەرجەم لایەنە جیاوازەکانی نووسین هەروەها شێواز و دارشتنەوەی بابەتە رۆژنامەوانییەکان هاوتەریبە لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە هاوچەرخ و سەردەمیانەی بواری گەیاندن و پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و میدیا بەگشتی. بۆیە بە پێویستمان زانی ئەم توێژینەوهیە بە ناونیشانی (کاریگەری شێوازەکانی نووسینی رۆژنامەوانی لەسەر خویندنی بابەتەکان لە رۆژنامەی هەولێردا) ئەنجام بدەین، ئەویش بریتیە لە پێشەکی و سێ باس. یەکەم چوارچێوەی گشتی توێژینەوە بریتیە لە (لایەنی میتۆدەیی

مجلة جامعة جيهان- اربيل للعلوم الانسانية والاجتماعية
المجلد 5، العدد 2 (2021) .
أُستلم البحث في 5 كانون اول 2020؛ قُبل في 14 شباط 2021
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 1 أيلول 2021
البريد الإلكتروني للمؤلف: dr-aryana@live.com
حقوق الطبع والنشر © 2021 ئاريانا ئيبراهيم. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

10.24086/cuejhss.v5n2y2021.pp80-93

توێژینەوەکە)، پاشان باسی دووەم لایەنی تیۆری توێژینەوەکە تیشك دەخاتە سەر گرنگترین بنەماکانی نووسین و شێواز و پێکهاتە و هونەری دارشتنی بابەتەکانی رۆژنامەوانی، دواتر لە باسی سێیەمدا لایەنە پراکتیکییەکەی توێژینەوەکە دەخاتەروو تیایدا شیکردنەوەی ناوەرۆك بۆ بابەتەکانی رۆژنامەی هەولێر باس دەکات و کاریگەری لەسەر خوێندنەوەی لەلایەن خوێنەرەوە بەپێی فۆرمێکی راپرسی ئامادەکراوە، لە کۆتاییدا لیستی سەرچاوەکان و چەند پێشنیاز و راسپاردە خراونەتەروو.

## 2. چوارچێوەی میتۆدەیی توێژینەوە

### 2.1 کێشەی توێژینەوە

هەر توێژینەوەیەکی زانستییدا پێویستە کێشەیەکی هەبێت بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە لەبارەیەوە، کە بەپێی کۆمەڵێك هەنگاو و رێگەی زانستییەوە پرۆسەکە جێبەجێ دەکرێت، کێشەی توێژینەوە ئاماژەیە بۆ بیرۆکە یان بابەتێك دەکات کە پێویستی بە توێژینەوە و شیکردنەوەی رەهەندەکانی لە چوارچێوەیەکی زانستیدا (الدلیمی، عبدالقادر، 2008، 26-27). هەروەها هەنگاو و رێوشوێنە زانستییەکان کە بیرۆکەی توێژینەوەی زانستی لەسەر ئەم بنەمایانە سیما سەرەکییەکانی وەردەگرێت، بەوەی کە گرفتێکی دیاریکراوی هەبێت و پێویستی بە توێژینەوە هەیە و لایەنی شیکاری بۆ بابەتە جۆراوجۆرەکانی دەبێت (سمیر، 1998، 11)، ئەم توێژینەوەیە پەیوەندی لە نێوان شێوازەکانی نووسین و خوێندنەوەی بابەتەکان لەلایەن خوێنەرەوە وەردەگرێت، کە کێشەکەی لە دەستنیشانکردنی کاریگەری شێوازەکانی نووسینی رۆژنامەوانی لەسەر خویندنی بابەتەکان لە رۆژنامەی هەولێردا لەلایەن خوێندکارانی زانکۆوە دەخولێتەوە و خۆی لەم چەند پرسیارەوە دەکۆڵێتەوە: کە ئایا شێوازەکانی نووسینی رۆژنامەوانی کاریگەری لەسەر سەرنجراکێشانی خوێنەر بۆ بابەتەکانیدا هەیە؟ کام شێوازی نووسین سەرنجراکێشترە بۆ بابەتە رۆژنامەوانییەکان؟ ئایا شێوازە سەرەکییەکانی نووسینی رۆژنامەوانی لە نێو بابەتەکانی رۆژنامەی هەولێر پەیرەوکراوە؟.

### 2.2 گرنگیی توێژینەوە

گرنگی هەر توێژینەوەیەکی زانستی لە جۆری بابەتەکەدا دەردەکەوێت، لە رووی زانستییەوە روونکردنەوەی مەبەستی سەرەکی و ئامانجی توێژینەوەکە وا دەکات خوێنەر بەشێوەیەکی ئاسان لە کێشەی توێژینەوەکە تێبگات، هەروەها بایەخ و گرنگی هەر توێژینەوەیەك لەوەوە سەرچاوە دەگرێت ئایا تاچەند نوێیە و بابەتەکە چەند سوودی بۆ کۆمەڵگا هەیە بە گشتی و تاك بەتایبەتی، لەرووی سودی بۆ کۆمەڵ هەڵبژاردنی خودی بابەتەکە خۆی لە خۆیدا گرنگیی خۆی هەیە چونکە شێوازەکانی نووسینی رۆژنامەوانی لە میدیادا بەگشتی و لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا بەتایبەتی بۆ خوێنەر گرنگییەکی زۆر هەیە، دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی تێگەیشتنی خوێنەر بۆ بابەتە بلاوکراوەکان و ئاستی زانین و هزری تاك بەرەو پێشەوە دەبات. هەروەها بۆ پسپۆرانی بواری رۆژنامەوانی وەك کاری پیشەیی رۆژنامەوانی گرنگە بایەخ بە لایەنی نوسین بدرێت و تەکنیك و هونەرکاری و لایەنی زمان رەچاوبکرێت چونکە دەبێتە هۆی پێشخستنی لایەنی پیشەیی و نووسین لە بواری رۆژنامەوانیدا هەروەها وەك کارێکی ئەکادیمی کە هەر دەزگایەکی رۆژنامەوانی سیاسەتێکی تایبەتی بە نووسینی هەیە و لەنێو بابەتەکانیدا پەیرەویدەکات ئەمە کەسانێکی پرۆفیشناڵ پێویستە، جگە لەمەش پێویستە گونجاوترین شێواز بۆ نووسینی رۆژنامەوانی بەکاربهێنێت کە لەگەڵ جۆری ئامرازەکە گونجاوبێت و لە حەز و ئارەزووەکانی خوێنەر نزیك بێت تاکو بتوانێت زۆرترین رێژەی خوێنەران بۆ خۆی رابکێشێت.

### 2.3 ئامانجی توێژینەوە

هەموو توێژینەوەیەکی زانستی مەبەستی دەستخستنی چەند ئامانجێکەوەیە، توێژەر بە شێوەیەکی زانستییەوە جێبەجێ دەکات، لەم توێژینەوەشدا چەند ئامانجێکی سەرەکی لەخۆدەگرێت کە بریتین لە:

1. دەستنیشان کردنی گرنگترین شێوازەکانی نووسینی رۆژنامەوانی.
2. گرنگترین شێوازەکانی نووسینی رۆژنامەوانی لە رۆژنامەی هەولێر.
3. ئاشنابوون بە سەرەکیترین جۆرەکانی بایەخپێدان لەلای خوێنەری رۆژنامە.
4. دەستنیشانکردنی شێوازی نووسینی رۆژنامەوانی سەرنجراکێش
5. دەستنیشانکردنی کاریگەرییەکانی نووسینی رۆژنامەوانی لەسەر زۆری و کەمی رێژەی خوێنەرانی .

### 2.4 چەمك و زاراوەکانی توێژینەوە

**2.4.1 شێواز:** واتە گشت ئەو شێواز و تەکنیکانەی نووسینی ژانرە جیاجیاکانی رۆژنامەوانییە وەك: (هەواڵ و رێپۆرتاج و راپۆرت و چاوپێکەوتن و وتار) دەگرێتەوە لە رووی رێنووس و زمان (وشەسازی و رستەسازی) و خاڵبەندی و دیزاین و هونەرکاری فۆنت و و شێوازی خستنەرووی وێنەکان لەگەڵ بابەتەکان لەسەر لاپەرەی رۆژنامەی هەولێر بە گشتی.

**2.4.2 کاریگەری:** واتە پەیوەندی نێوان خوێندنەوەی بابەتەکانی رۆژنامەوانی و جۆری دارشتنیانە تاکو تێگەیشتنی گشتی دروستبکات، زانیارییەکان وەك وزەیەك بۆ دروستکردنی کاریگەری سەیر دەکرێ، کە بە

10.24086/cuejhss.v5n2y2021.pp80-93

بێ وزە کاریگەریی دروست نابێت. کە بەپێی شێواز و تەکنیکی خستنەرووی زانیارییەکان پەیوەندی لەگەڵ سەرنجراکێشی و خوێندنەوەی بابەتەکان دروست دەکات کە پەیوەستن بەیەکەوە. پەیوەندی نێوان خوێنەر و نووسینی رۆژنامەوانی پەیوەندییەکی کارلێکییە کە ئامانج لە نووسین گەیاندنی زانیارییە بۆ خوێنەر و ئامانجی خوێندنەوەش گەیشتنە بەو زانیارییانەی کە خوێنەر بە پێویستی دەزانێ و هەوڵی بە دەستهێنانی دەدات. بۆیە هەردووکیان پەیوەستن بەیەکەوە، زانیارییەکانیش بۆ ئەوەی بگەن بە خوێنەر پێویستە کاریگەریی خۆیان هەبێت لە راکێشانی سەرنجی خوێنەر بۆ بابەتەکان.

**2.4.3 نووسین:** واتە نووسینی بابەتەکانی رۆژنامەوانییە بەپێی ژانرو فۆرماتە هونەرییەکانی رۆژنامەوانی لە (هەواڵ، رپۆرتاژ، راپۆرت، چاوپێکەوتن و وتار)، نووسینی رۆژنامەوانیش یەکێکە لە پایە گرنگەکانی بابەتی میدیا بە گشتی و رۆژنامە و گۆڤارەکان بە تایبەتی نووسینی رۆژنامەنووسی کە سەرجەم هونەرەکانی رۆژنامەنووسی لە خۆدەگرێت لەگەڵ لایەنی زمان و رێنووس و خاڵبەندی و دیزاین و وێنە، بە مەبەستی گەیاندنی زانیاری بۆ خوێنەرانی رۆژنامەکە کە ئامانج لێی بەدەستهێنانی متمانەی خوێنەرانە بۆ رۆژنامەکە.

**2.4.4 خوێندنەوە:** واتە خوێندنەوەی گشت بابەتە بڵاوکراوەکانی رۆژنامەکە لەلایەن خوێنەرەوە بەهۆی هەستپێکردن و سەرنجراکێشی و درکپێکردنی بابەت و زانیارییە بڵاوکراوەکانی رۆژنامەکە لە بەکارهێنانی هونەرەکانی نووسین و دارشتن لەنێو قاڵبە هونەرییەکانی رۆژنامەنووسی لەخۆدەگرێت و شێوازی خستنەرووی بابەتەکان بەگشتی بە مەبەستی گەیاندنی زانیاری و هەواڵ و بابەتە جۆراوجۆرەکانی رۆژنامەوانی بۆ خوێنەرانی رۆژنامەکە هەروەها لە رێگەی بەکارهێنانی دیزاین و وێنەی فۆتۆگرافی بۆ زیاتر سەرنج راکێشانی خوێنەر و دەستخستنی متمانەیان بۆ رۆژنامەکە.

**2.4.5 رۆژنامەی هەولێر:** بڵاوکراوەیەکی کاغەزیی رۆژانەیە لە شاری هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستان-عیراق دەردەچێت. رۆژنامەیەکی رۆژانەی سیاسی گشتییە لەلایەن مەکتەبی راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە دەردەچێت و بەسەر گشت فەرمانگە و دامودەزگا حکومییەکانی هەرێمی کوردستاندا بەخۆرایی دابەشدەکرێت.

### 2.5 پرسیارەکانی توێژینەوە

بۆ ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەکی زانستی، کۆمەڵێ پرسیاری بابەتیانە پێویستە لە کۆی توێژینەوەکە توێژەر وەڵامەکانی لە ئەنجامە کۆتاییەکانی بە دەستبهێنێ. دەکرێ لێرە ئەو پرسیارانەی کە سەرەکین و تایبەتن بە نووسین و خوێندنەوەی بابەتەکانی رۆژنامەوانی و تایبەتمەندی و شێوازەکان بەگشتی، لەم خاڵانەی خوارەوە بخەینەروو:

1. گرنگترین شێوازەکانی نووسینی رۆژنامەوانی چین؟
2. رۆژنامەی هەولێر شێوازەکانی نووسینی رۆژنامەوانی پەیرەوکردووە؟
3. رۆژنامەی هەولێر زیاتر کام شێوازی نووسینی رۆژنامەوانی بەکارهێناوە؟
4. ئایا شێوازەکانی نووسینی رۆژنامەوانی لە رۆژنامەی هەولێر جێگەی بایەخپێدانی خوێنەران بووە؟
5. ئاستی کاریگەری نوسینی رۆژنامەوانی لە سەر تێگەیشتنی خوێنەران لە خوێندنی بابەتەکانی رۆژنامەی هەولێر چۆن بووە؟
6. ئایا شێوازەکانی نووسینی لە رۆژنامەی هەولێر کاریگەری هەبووە لەسەر زیارکردنی رێژەی خوێنەرانی؟
7. ئایا دیزاین و بەکارهێنانی وێنەی رۆژنامەوانی لە رۆژنامەی هەولێر توانیەتی سەرنجی خوێنەر رابکێشی؟
8. رۆژنامەی هەولێر رەچاوی هەڵەی زمانەوانی و رێنووس و خاڵبەندی لە بابەتەکانی کردووە؟
9. ئایا رۆژنامەی هەولێر شێوازی بەکارهێنانی فۆنت لەرووی قەبارە و جۆر و رەنگ گونجاوە بۆ چاوی خوینەر لەکاتی خوێندنی بابەتەکە
10. ئایا شێوازەکانی نووسین لە رۆژنامەی هەولێر کاریگەرییەکی ئەرێنی یان نەرێنی لەسەر خوێنەرانی؟

### 2.6 کەرەستەکانی توێژینەوە

چاوپێکەوتن لەگەڵ چەند کەسێک لە ستافی رۆژنامەی هەولێر و سەرنووسەر.

تێبینی لە کاتی ئەنجامدانی توێژینەوەکەدا توێژەر تێبینی چەند بابەتێکی کرد.

بەکارهێنانی فۆرمی شیکردنەوەی ناوەرۆك.

بەکارهێنانی فۆرمی راپرسی بۆ خوێنەران.

### 2.7 میتۆدی توێژینەوە

میتۆدی توێژینەوە ئەو رێگەیە کە مرۆڤ دەگرێتەبەر بۆ گەیشتن بە راستییەکان، یان ئەو رێبازەیە کە لە لێکۆڵینەوە و پشکنیندا بە کاردەهێنرێت (حوسێن، 2007، 10). لەم توێژینەوەیەشدا میتۆدی رووپیوی بەکارهاتووە بە شێوازی شیکردنەوەی فۆرمە دابەشکراوەکان سەر خوێنداکارانی زانکۆ، بۆ زانینی شێوازەکانی نووسین و ئاستی خوێنەرانی و جۆری شێوازەکانی نووسینی رۆژنامەوانی لەنێو رۆژنامەی هەولێردا پەیرەوکراوە.

### 2.8 جۆری ڕێبازی توێژینەوە

جۆری توێژینەوە توێژینەوەیەکی وەسفییە، توێژینەوەی وەسفییەکان ئەو کاتە ئەنجام دەدرێن کە پێکهاتەی ڕێبازی یان زانستی لە بارەی بابەتەکە لەبەردەستدا بێت (الدلیمی، عبدالقادر، 85،2008). بەهۆی بەردەستبوونی ژمارە وەرگیراوەکانی وەك سامپڵ لە ڕۆژنامەی هەولێردا کە شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بۆ دەکرێ هەروەها کاریگەرییەکەشی بەسەر خوێنەرانی ڕۆژنامەکە کە قوتابیانی زانکۆن بەشێوەی فۆرمی ڕاپیوی شیدەکرێتەوە.

### 2.9 کۆمەڵگەی توێژینەوە

کۆمەڵگەی توێژینەوە تاکەکان یان بابەتەکان یاخود ئەو هونەرانەن کە دەچنە ژێر باری لێکۆڵینەوەوە (العبدالله، 2011، 99). خوێنەرانی زانکۆ و بابەتەکانی ڕۆژنامەی هەولێر وەك کۆمەڵگەی توێژینەوە دیاریکراون، توێژەر بۆیە ئەم ڕۆژنامەیەی هەڵبژاردووە، چونکە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی خوڕاییە و بە ئاسانی دەسدەکەوێت و لەلایەن خوێنەرەوە گرنگیی پێدەدرێت.

### 2.10 سامپڵی توێژینەوە

سامپڵی توێژینەوە بەشێکە لە کۆمەڵگای توێژینەوە یان ژمارەیەك حاڵەت لە کۆمەڵگای توێژینەوەکە وەردەگیرێت و داتاکانی لێ کۆدەکرێتەوە بەمەبەستی دەرخستنی تایبەتمەندیەکانی کۆمەڵگای توێژینەوەکە، واتە لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە بەشێك لە گشتیش بکۆڵرێتەوە، بە مەرجێك سامپڵەکە لە خودی کۆمەڵگاکەوە بێت (عصمت، 2001، 15). توێژەر بۆ سامپڵی توێژینەوەکە، خوێنەرانی ڕۆژنامەکەی لە بەشەکانی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین وەرگرتووە (قۆناغەکانی سێیەم و چوارەمی بەشی ڕاگەیاندن و فەلسەفە و دەروونزانی و کاری کۆمەڵایەتی) دە (10) قوتابی لە هەر قۆناغێك لە هەر چوار بەشەکە بە شێوەی هەڕەمەکی وەرگیراون کە دەکاتە (80) قوتابی. بە پێی ڕووماڵی یەك مانگی دەرچوونی ڕۆژنامەکە لە نووسینی بابەتەکان لە ڕۆژنامەی هەولێر لە نێوان 2020/1/15 تا 2020/2/15 شیکراونەتەوە.

### 2.11 ئاستەنگەکانی توێژینەوە

لە هەر توێژینەوەیەك کۆمەڵێ ئاستەنگ دێتە پێشی، لەم توێژینەوەیدا ئەم ئاستەنگانە هەبوون.

کەمیی سەرچاوەی پێویست بە زمانی کوردی.

دەرەنگ وەلامدانەوەی خوێنەران بۆ پرسیارەکانی توێژینەوە

نەبوونی هاوکاری و هەماهەنگی لەنێوان دەزگا پەیوەندیدارەکانی ڕۆژنامەوانی و توێژەران.

## 3. بابەتەکانی ڕۆژنامەوانی و کاری نووسین

### 3.1 نووسین و وەرگرتنی زانیارییەکان

نووسین لە ژێر کاریگەریی ئاخاوتنەوە پەیدابووە، هەروەها لەڕێگەی هێماکانەوە بیرۆکەکان دەخرێنەروو، کە چەندین تایبەتمەندی لەخۆدەگرێت، وەك (نووسین دوای ئاخاوتن پەیدابووە، لە نووسیندا پێویستیمان بە خوێنەر هەیە، نووسین لە پیت و هێما پێکدێت، نووسین تارادەیەکی زۆر ڕەمەکی نییە، لە نووسیندا زمانی ستاندراد هەیە، لە نووسیندا لایەنی خاڵبەندی ڕۆڵ دەگیرێت، نووسین بەهۆی چاوەوە زانیارییەکان وەردەگرێتەوە، نووسین لەڕووی کاتەوە زیاتر دەمێنێتەوە). (حسین، 2008، 47). بێگومان لەو کاتەی نووسین پەیدابووە بە چەند قۆناغی جیاجیا تێپەڕیوە، کە لە یەك قۆناغدا نەوەستاوە، بەردەوام بەرەوپێشەوە چووە و چەندین ئاستەنگی هاتۆتە پێش کە چەندین گۆڕانکاری بەسەرەوە هاتووە تا گەیشتۆتە قۆناغی نوێ و تازە بەم فۆرم و دۆخەی ئێستا.

بە هۆی نووسینەوە توانرا شارستانیەتی مرۆڤ لە سەردەمە جۆراوجۆرەکانی بگوازرێتەوە و لە ڕێگەی نووسینەوە مرۆڤەکان توانای گواستنەوەی و گۆرینەوەی بیروراکان بۆ لە یەکترگەیشتن کە ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە لەنێوان کەسەکان بۆ کورتکردنەوەی دووری و کات و ئاسانی گەیاندن. هەڵبەتە بواری ڕۆژنامەوانیش یەکێکە لە کەناڵە هەرە سەرەکیەکان بۆ گەیاندن و گواستنەوەی هەواڵ و زانیارییەکان بۆ خەڵك هەروەها کۆمەڵە تایبەتمەندی خۆی هەیە سەبارەت بە شێوازی نووسینی بابەتەکان جیاوازە لەگەڵ ئامرازەکانی تری میدیایی. (علی، 2005، 9). بۆیە نووسین یەکێك لە کارە هەرە سەرەکییەکانی پیشەی ڕۆژنامەوانەییە و گشت بابەتەکان لە ڕێگەی نووسینەوە لە نێو ڕۆژنامە و گۆڤار و گشت بلاوکراوەکانی دیکە بلاودەکرێنەوە.

### 3.2 زمانی نووسینی ڕۆژنامەوانی

توێژەران ڕای جیاوازیان هەیە لەسەر دەستنیشانکردنی تایبەتمەندیەکانی زمانی نووسینی ڕۆژنامەوانی و پێناسەی جیاجیایان بۆ کردووە وەك ئەو زمانەی کە دەکەوێتە نێوان زمانی ئاخاوتنی خەڵکانی ئاسایی و زمانی ڕێزمانی باڵادا، یان زمانی ڕێزمانی سەردەم کە هاوشانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و مەعریفی و شارستانیەتە. (ابو السعید، 2014، 27-33) زمانی ڕۆژنامەوانی بەو پێیەی زمانێکە پەیامی میدیایی ئاراستەی وەرگر دەکات بەهەموو دەنگ و ڕەنگ و ئاستە مەعریفییە جیاجیاکان، لە فەیلەسوفێکەوە تاکو خوێندەوارێکی سادە، بۆیە ئەمە وایکردووە ئەم زمانە جیاواز بێت لە زمانی زانستی یان ئەدەبی تا زمانێکی سادە و ساکار یان زمانێکی هەڵبژاردەی دیارکراو و پەیامە میدیاییەکەی لە ڕێی زمانەکەوە

10.24086/cuejhss.v5n2y2021.pp80-93

ئاراستەی خەڵك بكرێت، كە زمانی سادە و ساكار و روون و ئاشكرا بێت بۆئەوەی زۆرینەی وەرگران بە گشت خوێنەرانەوە لێی تێبگەن. (ابو السعيد، 2014، 34-40). سەرەڕای ئەو تایبەتمەندییەی زمانی ڕۆژنامەنووسی تەنانەت لەنێو زمانی میدیاییدا لە ناوەندە جیاجیاكانی پەیوەندیكردندا لە چاپكراو و ئەلكترۆنی دا، جیاوازی هەیە. (غەریب، 2015، 15)، جیاوازیی لە دارشتنەوەی زمانەوانیدا لە نێو ئامرازە جیاوازەكانی میدیاییدا بەدیدەكرێت و ئەم جیاوازییە ژانرە جیاجیاكانی هەواڵ و راپۆرتەكان و ریپۆرتاژ و ژانرەكانی دیكەی ڕۆژنامەوانیش دەگرێتەوە.

یەكێك لە ژانرە گرنگەكانی ڕۆژنامەنووسی هەواڵە كە دەبێتە هەوێنی دروستكردنی ژانرەكانی تری ڕۆژنامەنووسی بۆنموونە ریپۆرتاژ و چاوپێكەوتن و راپۆرتە هەواڵ زیاتر سوود لە هەواڵەكان دەبینن بۆئەوەی ببنە ژانرێكی سەربەخۆ و بەرهەمدار. (ابو السعيد، 2014، 50-59). لەناو ژانری هەواڵیشدا زمانی میدیایی جیاوازە لەگەڵ زمانی میدیایی ژانرەكانی تر، هەروەها جۆری ئامرازەكەش پەیوەست دەكات بە جۆری زمانە بەكارهاتووەكەی بەتایبەتی زمانی میدیایی لە هەواڵی ئەلیكترۆنی دا جیاوازە لە زمانی میدیایی هەواڵی چاپكراو (محەمەد، 2012، 87-88). بەگشتی زمانی نووسین بۆ بابەتەكانی ڕۆژنامەوانی بەتایبەتی چاپكراو پێویستە پابەندی گشت یاساوریساكانی ئەو زمانەی كە ڕۆژنامەكە پێی دەردەچێت، لەرووی ریزمان (وشەسازی و رستەسازی)، خاڵبەندی، رێنووس و گشت ئەو شتانەی پەیوەستن بە نووسین ڕۆژنامەوانی وەك دیزاین و رەنگ و فۆنت و وێنە و خشتە و جیاكەرەوەكان.

### 3.3 نووسینی بابەتە رۆژنامەوانییەكان و شێوازەكانی

نووسینی ڕۆژنامەوانی بابەتێكی سەرەكی كاری ڕۆژنامەوانییە و لە ئەدەبیاتی نووسین سێ جۆرە پەخشان دیاریكراوە بۆ نووسین (پەخشانی هونەری یان ئەدەبی، پەخشانی زانستی و پەخشانی سادە)، بەڵام ئەو جۆرە پەخشانەی كەوا بابەتی ڕۆژنامەوانی پێ دەنووسرێت پێیدەگوترێت پەخشانی چوارەم كە پەخشانی پراكتیكییە چونكە ڕۆژانە لە نێو ئامرازەكانی میدیاییدا بەكاردەهێنرێت بۆ نووسینی بابەتەكانی و بە پەخشانی ڕۆژنامەوانی ناودەبرێت. نووسین كارێكی سەرەكی ڕۆژنامەوانییە و هەر دەزگاییەكی ڕۆژنامەوانی سیاسەتی تایبەتی بە خۆی هەیە بۆ نووسین، و لەنێو بابەتەكانی پەیڕەودەكات بۆ بلاوكردنەوەی زانیارییەكان. ئەو بابەتە سەرەكییانەی كە بەو پەخشانە دەنووسرێن بریتین لە (هەواڵ، ریپۆرتاژ، راپۆرت، وتار، چاوپێكەوتن) كە ناویان لێنراوە ژانرەكان. شێوازی نووسینی ژانرەكانیش جۆراوجۆرن بە پێی بابەت و لاپەڕە و شوێنەكەی دەگۆڕێت. شێوازیش لەرووی قاڵبە هونەرییەكان و تەكنیكی نووسین و دەربرین و دراشتنی بابەتەكان پەیوەستن بە ناوەرۆك و گرنگیی بابەتەكان لەگەڵ جۆری ئامرازەكە و ئاست و جۆری جەماوەركەی. ئەویش بریتین لە ژانرەكانی رۆژنامەوانی (هەواڵ، ریپۆرتاژ، وتار، راپۆرت، چاوپێكەوتن) و شێوازەكانی نووسینیان.

### 3.3.1 هەواڵ

هەواڵ پێشەنگی هونەری ڕۆژنامەنووسیە، واتە بەبێ هەواڵ كارێكی سانا نیە بۆ ڕۆژنامەنووس شارەزای ژینگەی ڕاگەیاندن بێ، یان چاوپێكەتنێكی ڕۆژنامەنووسی یان ریپۆرتاژێك یان ڕا پۆرتێك یان ستوونێك بە ئەنجام بگەیەنێ. واتا هونەرەكانیتری ڕۆژنامەنووسی گەلێك جار بۆلێكدانەوە و شیكردنەوەی ڕووداوێكن. بۆیە قوتابخانەكانی ڕۆژنامەگەری گرنگی زۆر بە هەواڵ بە هەموو بابەت وەلایەنە جیاوازیەكانیەوە دەدەن، هەواڵ بەشادەماری خوێنی ڕۆژنامە دادەنرێت، تا ئەوڕادەیەی كە هەواڵ بەیەكێ لەتوخمە گرنگەكانی ڕۆژنامە دادەنرێت بۆڕاكێشانی خوێنەر بۆخوێندنەوەی ڕۆژنامەو گۆڤار.(ئیبراهیم، 2011، 225-217).

هەواڵ بەسەرچاوەیەكی گرنگی زانیاری دەژمێردرێ و كار لە هەڵوێستی سیاسی و كۆمەلایەتی و هزری و ڕۆشنبیری و دەسەلات و سەرجەم توێژەكانی كۆمەلگا دەكا و هۆشیاریش بە هەموو چەشنەكانییەوە بەهۆی هەواڵەوە فراوتر و قولتر دەبێ یان هەواڵ گوزارشتێكە لە ڕاستیەكان، بەڵام هەموو ڕاستیەك هەواڵ نیە.(سدقی، 11) جۆرەكانی هەواڵ زۆرن هەر توێژەرە و بەپێی بۆچوون و تێگەیشتنی خۆی باسی جۆرەكانی هەواڵ دەكات بەشێوەیەكی گشتی لەسەر دوو بنەما جۆرەكانی هەواڵ دابەشدەكەن. لەسەر بنەمای جوگرافی: لەو حاڵەتەدا هەواڵی ناوخۆ و هەواڵەكانی دەرەوەی ئەو شوێنەی كە ڕۆژنامەكەی لێ دەردەچێت دەگرێتەوە. هەروەها لەسەر بنەمای كات ئەویش هەواڵی پێشبینی كراو و پێشبینی نەكراو دەگرێتەوە. جۆرە باوەكانی هەواڵ كە لەزۆربەی ڕۆژنامەكان بەشێوەیەكی بەرفراوان بەكاردێت بریتیە لە كورتە هەواڵا و هەواڵی درێژ (ئیبراهیم، 2011، 226-227).

- شێوازەكانی نووسینی هەواڵ: هەواڵ چەند شێوازێكی نووسینی هەیە (ابو زيد، عبدالمجيد، 2000، 113-126) وەك:

- شێوازی هەرەمی بەراوژور یان سەروژێركراو: لە شێوازی هەرەمی سەرووژێر كراودا، كورتەیەك لە گرینگترین بابەتی ڕوداوەكە لەسەرەتادا دەنووسرێ پاشان بەپێی گرنگی، سەرنجراكێش بوونی بابەتەكە، بەشەكانی دیكەی دەخرێتەڕوو بەو جۆرەی بەشەكەم بایەخەكان دەكەونە كۆتای هەواڵەكە.

10.24086/cuejhss.v5n2y2021.pp80-93

- شێوازی باسکردنی مێژوویی: بە پێچەوانەی شێوازی هەرەمی بەراو ژوو لەشێوازی باسکردنی مێژوویدا، بابەتەکان بەپێی گرنگیان نانووسرێن، بەڵکو بەپێی کاتی ڕوودانیان باس ئەکرێن، لەم شێوازەدا ڕۆژنامەنووس هیچ چەشنە داوەریەك ناکات سەبارەت بەوەی کەکام بەشی هەواڵ گرنگ یان گرنگ نیە، بەڵکو بەوجۆرەی کە ڕووداوەکە لەباری زەمەنیەوە ڕوویداوە، ئەنوسرێتەوە. لەم شێوازەدا هەواڵەکە بەپێشەکیەکی گشت کە داگری بوارەکان وەگشتیەتی بابەتی ڕووداوەکەیە دەست پێدەکات. ئەوەشمان لەیاد نەچێ ئەو پێشەکیە وەکو دەروازەیە بۆدەست پێکردنی هەواڵ وە هەڵگری تایبەت مەندیەکانی لید. خاڵێکی گرنگ سەبارەت بەم شێوازە ئەوەیە کە زیاتر بۆخستنەڕووی دانیشتنەکان بەکار دێت.

- شێوازی باسکردنی مێژووی لەگەڵ لید: بۆ نوسینی هەندێ لەبابەتە هەواڵیەکان دەتوانین، شێوازی مێژووی هاوڕێ لەگەڵ لید کەتێکەڵێکە لە شێوازی هەرەمی بەراوژوو وە مێژووی بەکار بێنی. لەشێوازی مێژووی هاوڕێ لەگەڵ لید، سەرەتا کورتەی گرنگترین بابەتی ڕووداوەکە بەشێوەی لید لە پرۆگرافی یەکەمی هەواڵەکەماندا ئەنوسین وە دواتریش پاش ماوەی ڕوداوەکە بەو جۆرەی کەڕووی داوە، بەپێی کاتی ڕودانیان بەشێوازی مێژوویی دەنوسین.

- شێوازی کۆتایی سەرسوورهێنەر: شێوازی کۆتای سەر سوورهێنەر،بە یەکێ لە شێوازە سەرنج ڕاکێشەکانی هەواڵ نوسین دێتە ئەژمارکردن.لەم شێوازەدا گرێی ڕوداوەکە لەکۆتای هەواڵە ئەکرێتەوە خوێنەر تووشی سەرسورمان دەکات. هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم شێوازە لە بواری ئەدەبیاتی ڕۆژنامەوانیدا بۆ وەڵام دانەوەی نیازی نوێخوازی خوێنەران. هەڵبەت ئەم شێوازە بۆهەر جۆرە هەواڵێك بەکار نایەت. شێوازی کۆتای سەرسورهێنەر بۆ ئەو ڕووداوانەی کە هەڵگری بابەتی فراوانن بەم شێوازە ئەنوسرێن. بەڵکوو شێوازی مێژووی لەگەڵ لیدا بۆ ڕووداوی پڕبابەت کەپێویستە بە شیکاری زۆرترهەیە بەکار بهێنرێت چونکە لەم شێوازەدا نوسەر دەرفەتێکی زۆرتری هەیە بۆخستنە ڕووی ڕوداوەکان.

لە شێوازی کۆتای سەرسوورهێنەردا، دەتوانین لە تایبەتمەندیەکانی شێوازی هەرەمی بەراوژوور لەگەڵ لید کەڵك وەربگرین. لەوهەواڵانەی کەلەسەر ئەم شێوازە ئەنووسرێت ڕەنگە لید بەکار بهێنرێت بەڵام گەرێنتو دووایین بەشی هەواڵ، گرنگترین بابەتی ڕووداو بێت، ئەوا یەکەمین پرۆگرافی هەواڵ دەتوانین وەکو لید بەکار بێنین. لەم شێوازەدا دوای نوسینی لید وەدوایین بەشی ڕوداوەکە، بەشەکانی دیکە لەسەر شێوازی باسکردنی مێژووی ئەنوسرێتەوە کە ئەم شێوە نوسینە سەرەڕای سانابوونی، نیازی هەواڵی خوێنەرانیش تێر دەکات.

- شێوازی تەشریحی یان لۆژکی: لەم شێوازەدا بەش بەشی ڕوداوەکە ئەنوسین وە دواتر وردەکاری پێویست وە باسی پەراوێزی لەسەر هەریەك لە بەشەکانی ئەخەینەڕوو، ئەم شێوازە بۆئەو ڕوداوانە بەکاردێت کەجیاوازی بیروڕای زۆری لەسەرە وە نوسەر دەتوانی داوای هەربەشێك بیروڕای نارەزای وە ڕازیەکان لەگەڵیاندا بنووسێ. ئەوش بڵێن کە ئەم شێوازە بۆ ئامادەکردنی ئەو هەواڵانەی کە درێژن یان بە تایبەت بۆ نوسینی ڕیپۆرتاژی (دوورو درێژ) بەکاردێت (کەریمی، 2006)

### 3.3.2 ڕیپۆرتاژ

ڕیپۆرتاژ کردارێکی وسفی و هونەرێکی ڕۆژنامەنووسی تایبەتە، کە یەکێکە لە ژانرە ڕۆژنامەوانیە مەیدانیەکان لە ڕێگەی وەسفەوە ڕووداو و شوێن و دیاریدەکان بۆ وەرگر دەگوازێتەوە بابەتەکانی ڕیپۆرتاژ هەموجۆرن و هەندی جار ژیانی تایبەتی کەسێك یان ڕووداویك یاخود دەشێ بابەتەکە گواستنەوەی دیاریدەیەك بێ یان تیشك خستنە سەر شوێنێکی دیاریکراو بێ، ڕیپۆرتاژی ڕۆژنامەنووسی تیشك دەخاتە سەر کێشەیەك لە ناو کۆمەلگادا ئاشکراکردنی هۆکارەکانی و خستنە ڕووی چارەسەر بۆ ئەو بابەتە دەخاتە ڕوو لە ری پێشنیارو راسپارەکانی کە ڕۆژنامەنووس بە گونجاوی دەزانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە یاخود وەك گەشتیاریك کە لەسەفەریك دەگەڕێتەوە هەموو ئەو شتانەی کە بینیووە وەك ڕیپۆرتەرێك بۆ دەورووبەرەکەی دەگێرێتەوە و بە هۆی نووسینەوە یان دەنگ و ڕەنگەوە، وینەو ڕووداوەکانی ئەو سەفەرە زیاتر لە بیری وەرگر نزیك دەکاتەوە. گەلێك جار دەرك بە زاڵبوونی تیروانینی کەسی ڕیپۆرتەر دەکەرێت لە ڕیپۆرتاژەکەدا. (ئیبراهیم، 2011، 256-260). دەتوانین ڕیپۆرتاژ بەوە پێناسە بکەین کە ( هونەرێکی ڕۆژنامە نووسیە کە زانیاری و راوبۆچوون لە بارەی کێشەیەکی دیاریکراوەو کۆدەکاتەوە بە مەبەستی دانانی چارەسەری گونجاو بۆی) (هاوژین، 2013، 99).

قۆناغەکانی نووسینی ڕیپۆرتاژ وەك هونەرەکانی تری ڕۆژنامەنووسی بە چەند قۆناغێك تێدەپەڕێت تا ئامادە دەبێت بۆ بڵاوکردنەوەوەك سەرتا بیرۆکەیە و پاشان پلانی ئامادەکردن و دارشتنی کە پەیوەستە بە جۆری بابەتەکەوە. بە شێوەیەکی گشتی نووسینی ڕیپۆرتاژ بە شێوازی چوارچێوەی هەرەمی ئاسایی دەنووسرێ کە لە چیرۆك دەچێت رریپۆرتەر لە سەرەتادا چەند دێرێك لە بارەی بابەتە کە دروست بوونی دەخاتە ڕوو پاشان ووردەکارییەکان دەخاتە ڕوو لە کۆتاییدا چارەسەری گونجاو پێشنیار دەکات. یان بە شێوازی هەرەمی سەرەوژێرکراو دەنووسرێ کە لە سەرەتادا ریپۆتەر چارەسەری پیویست دەخاتە ڕوو و بەر لەوەی باسی بابەتە کە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بکات ئەم شێوازە بە شێوەیەکی کەم بە

10.24086/cuejhss.v5n2y2021.pp80-93

کاردێت تەنها زیاتر ئەو بابەتانە نەبێت کە وا جەماوەر زانیاری تەواوی لە بارەی رووداو کێشەکەوە هەیە.(ابو زید، عبدالمجید، 2000، 183-197).

### 3.3.3 وتار

بریتیە یەکێك لە کارێکی نووسین بواری رۆژنامەوانی کە شرۆڤە و شیکردنەوەی زۆری تێدایە لە زمانی ئینگلیزی بە وشە (essay) ناودەبرێت بەمەبەستی گەیاندنی زانیاریەك یان بیروراو بیروباوەرێك، لە عەرەبییەوە بە وشەی (مقال) ناودەبرێت. وتار زاراوەیەکی نوێ نیە، لە کۆنەوە لەهەر سەردەمێکدا بە جۆر و شێوازی جیا جیا بوونی هەبووە. لە رێگەی دەربڕینێکی قووڵ و پتەوە و بەشێوەیەکی رێکخراو دادەرێژرێت. سەرەتای دەرکەوتنی بۆ وتاری ئەدەبی دەگەرێتەوە نووسەر تیایدا بۆچوونی خۆی سەبارەت بە کێشە و دیاردەکان دەخستەروو و شیبیانیدەکردەوە و لەگەڵ سەرهەڵدانی رۆژنامەوانییەوە گەشەی کردووە کە دەربین لە رای نووسەر دەکات و لەبارەی بابەتێکی دیارکراودا دەدوێت، بریتییە لە هونەرێکی رۆژنامەوانیی باسی بابەتێکی دەکات لە واقعی کۆمەلگاکەوە خواستراوێت. گرنگترین ئەرکەکانی وتار لەبەر رۆشنایی هەردوو رێبازی سەرەکی (هەواڵ) و (را) بریتییە لە راگەیاندنی دەربرینی بیرورایە. لە رێگەی پێشکەشکردنی زانیاری نوێ لەسەر رووداو و کێشە گرنگ و هەنوکەییەکانی کۆمەلگا هەروەها شرۆڤە کردن و شیکردنەوەی رووداوەکان. (ابراهیم، 2018، 165). توخمەکانی وتار بریتیە لە (Headline) تێکستێکە دەکەوێتە سەرو (Top) ی وتاری رۆژنامەو پێویستە، سەردێر و ناونیشانی هەبێت و وەدەبێت سەرنجی خوێنەر رادەبکێشێ بۆ خوێندنەوەی وتارەکە. پاشان (Byline) دێت کە لە دوای (Headline) ناوی تەواوی نووسەری وتارەکە و هەندێك جار ناوی ئەو شوێنەی لەگەڵا دێت کە کاری تێدا دەکات ولە هەندێك ووتاردا(Byline ) لە کۆتایی وتاردا دەنوسرێت. لە دوای ئەوە) Lead (دێت کە زیاترتەرکیز دەکاتە سەر بابەتەکە. دوای ئەوە ناوەرۆك )Body (بابەتەکە دێت، لە کۆتایی(Conclusion) یان پوختەی وتار پێویستە زۆر روون بێت و دواهەمین بەیانکردن و پێ راگەیاندن(Statement) ی تێدا بێت. (ابو زید، عبدالمجید، 2000، 229-239).

### 3.3.4 راپۆرت Report

لە هونەری نووسینی رۆژنامەنووسیدا راپۆرت گرنگییەکی زۆری هەیە کە کارێکی نووسینە یان دەقێکی نووسراوە بۆ مەبەستێکی دیاریکراو، هەڵدەستێت بە گەیاندنی زانیاری یان گێرانەوەی چیرۆك یان رووداوە راستەقینەکان لە فۆرمێکی هەمەلایەنە و کورتەی دۆزینەوە و دەرئەنجام و پێشنیارو رێنماییەکانە، دەربارەی کارێکی دیاریکراو یان کێشەیەکی دیاریکراو، کەوا دەشێت پێشانی خەڵکی بدرێت یان بنوێندرێت. یاخود دەتوانین بڵێین روونکردنەوەو بەیانکردنێکی کەسیە، لەسەر ئەو راستیانەی کەوا پەیوەندییان بە بابەتێکی دیاریکراو هەیە، خزمەتی مەبەستی سەرەکی دەکەن و زانیارییەکان تیایدا ئامادە دەکرێن بۆ دروستکردنی بڕیار، چونکە راپۆرت ئاسانکاری دەکات لە دروستکردنی بڕیار. هەروەها راپۆرت نمایشکردنێکی بەسیستەماتیکی راستی و زانیارییە راستەقینەییەکانە لەسەر بابەت یان رووداوێکی دیاریکراو، راپۆرت ژانرێکی رۆژنامەوانییە، زانیاری و روونکردنەوە لەبارەی هەواڵێك یان بابەتێك دەدات. کە تیایدا تەواوی زانیاریە پەیوەندارەکانی پەیوەست بە بابەت و هەواڵەکان و هۆکارەکانی و شوێن و هەڵکەوتەو ناوی بەشداربووان و چۆنێتی روودانەکەو کاتەکەی دەخاتەروو. (ابوزید، 1998، 162). بەشێوەیەك کە روونکردنەوەیەکی باش بداتە خوێنەرو وا لە خوێنەر بکات کە ببێتە خاوەن توانایەکی تر بۆ پێشبینی کردن و هەروەها ببێتە خاوەنی زانیاری و تێگەیشتنی زیاتر بۆ دوارۆژ. هەروەها ووردەکاری و باکگراوندی رووداو و بابەتەکان بەداتاو و فاکتی زۆری دەستکەوتوو دەخاتەروو باسیان دەکات (ئیبراهیم، 2011، 289-290). بەشێوەیەکی گشتی راپۆرتە رۆژنامەنووسیەکان بە دوو شێوە دەردەکەون، راپۆرتی گەرم کە ئەو راپۆرتەیە لەپێناو روونکردنەوەی زیاتری هەواڵێکی گەرم و گوڕ و هەنوکەیی، کە بەردەوام جێگای باس بێت و خوێنەر پەیوەست بێت بەو هەواڵەوە و بەدوایدا دەگەڕێت و دەیەوێ زانیاری زیاتر لەبارەیەوە هەبێت. یاخود راپۆرتی سارد کە دەنوسرێت دەربارەی کێشەیەك کەوا گەرم و گوڕنەبێت، بەڵام تیشکی لەسەر بێت. ئەویش (هەواڵا)ێك هەڵدەبژێردرێت و زانیاری کۆدەکرێتەوە لەسەری و پاشان دەکرێت بە راپۆرت و بڵاودەکرێتەوە. دەستکەوتنی ئەو جۆرە هەواڵانە لە رێگەی چاودێریکردنی قسە و لیدوانەکانی بەرپرسان و خەڵك و دەوروبەر و رۆژنامەنوسێك بەباشی دەزانی بیکات بە راپۆرتی رۆژنامەنووسی. جۆرەکانی راپۆرت دابەش دەبن بۆ چەند جۆرێك وەك: (راپۆرتە هەواڵا، راپۆرتی وەسفی، راپۆرتی لێکۆڵینەوەیی یان شیکاری، راپۆرتی کەسایەتی، راپۆرتی بۆنەکان). (ابوزید، عبدالمجید، 2000، 219-205).

### 3.3.5 چاوپێکەوتن

چاوپێکەوتن بە یەکێك لە کۆڵەکەکانی بواری رۆژنامەوانی دادەنرێت. بە پێشکەوتوترین و گرنگترین شێوەکانی رۆژنامەنووسی دادەنرێت و لەگەڵا دۆزینەوەی رۆژنامەنوسیدا، بە شێوەیەك لە شێوەکان چاوپێکەوتن دۆزراوەتەوە (عیاد، 2009، 9). ئەم هونەرە بەردەوام لە لایەن رۆژنامەنووسانەوە بۆ دەستکەوتنی هەواڵا و زانیاری، یان خستنە ڕووی

بۆچوونێك لە بارەی بابەتێكی دیاریكراودا پشتی پێدەبەسترێ. لەرووی زاراوەوە، لە زمانی كوردیدا زیاتر لە دەستەواژەیەك بەرامبەر بە چاوپێكەوتن بەكارهاتووە. ژانری چاوپێكەوتن زۆربەی جار لە رۆژنامەگەری كوردی بە چاوپێكەوتن، دیدار، هەڤپەیڤین، گفتوگۆ یان ئینتەرڤیو ناوی دەبرێ ئەم زاراوانە لە رووی بەكارهێنانەوە هەمان تایبەتمەندی و خەسڵەتیان هەیە. (شرف، 2000، 210). وشەی (چاوپێكەوتن) لە ( المقابلە) ی زمانی عەرەبی، (Interview) ئینتەرڤیوی زمانی ئینگلیزیەوە هاتووە. چاوپێكەوتن ئەو هونەرە رۆژنامەنووسییەیە، كەوا هەڵدەستێت بە دروستكردنی ئاخافتن لە نێوان رۆژنامەنووس وكەسایەتیەك، بۆ دەستكەوتنی هەواڵ و زانیاری نوێ، یان لێكدانەوەی گۆشەنیگایەكی دیاریكراو، یان لایەنی دانسقە و دەگمەن. دەتوانین بڵێین كە چاوپێكەوتن پەیوەندیەكە لە نێوان رۆژنامەنووسێك و كەسایەتیەك، یان چەند كەسایەتیەك، لە پێناو گواستنەوەی هەواڵ و زانیاری لە بارەی بابەتێكی دیاریكراو، لە كاتێكی دیاریكراودا كە بە لای جەماوەر جێگای بایەخە، یان گواستنەوەی بۆچوون و ئەزموونی هەندێ لایەن و بەسەرهاتی ئەو كەسایەتیەیە بۆ خوێنەر بە مەبەستی سوود پێگەیاندنی. (ابوزید، عبدالمجید، 2000، 139-147) چاوپێكەوتن لە رۆژنامەگەریدا رۆڵێكی گرنگ و خوێنەرێكی زۆری هەیە، زۆرجار بۆ كۆكردنەوەی زانیاری پێویست بۆ نووسینی گوتار، ریپۆرتاژ یان هەواڵ ئەنجام دەدرێ و لە زۆر كاتدا، بەشێوەی سەبەخۆ وەكو خۆشی بلاّودەكرێتەوە و دەخرێتە بەردەم خوێنەر. گەلێ جار ناوەرۆكی ئەم چاوپێكەوتنانە، هەواڵی گرنگی لێدەكەوێتەوە و دواتر مشتومڕی زۆری لەسەر دەكرێ، بۆیە بە ناوبانگە بە ژانرێكی هەواڵی. (ئیبراهیم، 2012، 67).

چاوپێكەوتن بۆ چەندین جۆری جیاواز دابەشدەكرێ و هەریەك لەم جۆرانە بۆ مەبەستێك بەكار دێت. هەندێك لە توێژەران چاوپێكەوتن بە گوێرەی بابەتەكە بۆ چەند جۆرێك دابەش دەكەن . لە هەمانكاتدا هەندێك لە توێژەرانی بواری رۆژنامەوانی چاوپێكەوتن بە پێی شێوەی ئەنجامدانی چاوپێكەوتنەكە یان ناوەرۆكەكەی، دابەشی چەندان جۆری جیاواز دەكەن. بە شێوەیەكی گشتی شێوازی نووسینی چاوپێكەوتنی رۆژنامەوانی بە یەكێك لە قاڵبە هونەریەكانی هەرەمی هەڵگەڕاو یان هەرەمی هەڵگەڕاوەی پلەیی یان هەرەمی رێك یاخود هەرەمی رێكی ستوری پلەیی (ئیبراهیم، 2011، 268) دەنووسرێت.

## 4. لایەنی پراكتیكی

### 4.1 ورتە مێژوییەكی رۆژنامەی هەولێر

رۆژنامەی هەولێر رۆژنامەیەكی گشتی سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئەدەبی و تەندروستی و هونەریە لە ساڵی (2006) وە دەردەچێ، خۆی وەك درێژكراوەی رۆژنامەی هەولێری ساڵی 1950 دەناسێنێت و لە لاپەرەی دووەمی رۆژنامەكە بە خەتێكی جوان ئاماژە بەوە دەكات كە یەكەم ژمارەی لە ساڵی 1950 دەرچووە. دەتوانین بڵێن كە رۆژنامەی هەولێر كە لە ساڵی 2006 وە تا ئێستا كە بەردەوامە لە دەرچوون بە دوو قوناغ یاخود دوو شێوە دەرچووە. كە سەرەتا بە شێوەی رۆژنامەی قەبارەی گەورە بە (8) لاپەرە دەردەچوو، لە لاپەڕەی یەكەم بە گەورەیی نووسراوە هەولێر وێنەی قەلا و منارەی هەولێری لە تەنیشت بووە. لاپەڕەكانی ناوەوەی هەواڵ و هەواڵە ناوخۆییەكان و كۆمەڵایەتی و هونەری لە خۆ گرتووە. لە رووی بەڕێوەبردنەوە خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر و سكرتێری نووسینی رۆژنامەكە دیار بووە نزیكەی 100 ژمارەی لێ دەرچووە.پاشان شێوە و شێوازی بەڕێوەبردن و كەسەكان گۆڕانكاریيان بەسەرداهاتووە قەبارەی رۆژنامەكە بچوكتر بووە و ژمارەی لاپەڕەكانی زیاد بووە بۆتە (24) لاپەرە، خاوەن و ئیمتیاز و سەرنووسەر (كە بۆتە یەك كەس) و بەڕێوەبەری نووسینی دیار بووە، لە لاپەرەكانی ناوەوەی رۆژنامەكە بابەتەكانی رۆژانە سیاسی و كۆمەڵایەتی ئەدەبی و تەندروستی و ریپۆرتاژ و هەواڵ و بەدواداچوون بەشێوەیەكی بەرفراوان بەرچاو دەكەون گرنگیی زۆر بە وێنە دەدات، هەروەها لاپەڕەی تایبەتی بۆ رێكلامی بازرگانی تەرخان كردووە كە بە پاڵپشتیەكی گرنگیی دارایی رۆژمامەكە دادەنرێ. (هاودەنگ فاروق، 2019/2/27).

### 4.2 شیكردنەوەی ناوەرۆك

سەرەتا فۆرمی شیكردنەوەی ناوەرۆك بۆ بابەتەكانی رۆژنامەی هەولێر دەخەینەروو لە ماوەی نێوان 2020/1/15 تا 2020/2/15 سەرجەم ئەو بابەتانەی لە رۆژنامەكە بلاوكراونەتەوە دەخەینە بەرچاو. سەرەتا بۆ خستنەرووی ئەو یەكە و دەستانەی كە بۆ دەرخستنی لایەنی كاریگەرییان لەسەر خوێنەر لەم خشتەیەدا بۆ بابەتەكانی رۆژنامەی هەولێر بە پێی سامپلی وەرگیراوی نموونەكە كە لەماوەی یەك مانگدا بەمشێوەیەی خوارەوە دیاركراوە:

خشتەی دەستنیشانكردنی یەكە و دەستە وجۆرەكانیان بۆ شیكردنەوەی ناوەرۆك لە رۆژنامەی هەولێردا لە نێوان (2020/1/15) – (2020/2/15)

| ژمارە | یەكە | جۆر | دەستە | جۆر |
|---|---|---|---|---|
| -1 | ژانر | (چەندی-جۆری-مەبەست) | | |
| -2 | بابەت | (ئامانج-جەماوەر-ناوەرۆك) | | |
| -3 | نووسین | (پێكهاتە-تەكنیك-شێوە) | | |

10.24086/cuejhss.v5n2y2021.pp80-93

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | - تەکنیك | -(ناونیشان- سەرەکی- لاوەکی) | - ناونیشانی و<br>- وشە کلیلەکان. |
| | | پێکهاتە | وشە - رستە | -وشەی (سادە - لیکدراو – داریژراو)<br>-رستە (سادە- لێکدراو-ئاڵۆز) |
| | | شێوە | فۆنت – رەنگ – وێنە | -فۆنت (جۆر-قەبارە)<br>-رەنگ (فۆنت-وێنە)<br>-وێنە (جۆر-قەبارە- رەنگ) |
| | شێواز | | قاڵب | قاڵبە هونەرییەکانی نووسین |
| | | خاڵبەندی | (ژمارە - هێما) | |
| | | ژمارە | ناوەرۆك - لیست | |
| -4 | بیرۆکە | (یەك بیرۆکە-ریزبەندی زانیارییەکان-واتا) | - یەك بیرۆکە<br>- ریزبەندی زانیارییەکان<br>- واتا | سەرەتا تا کۆتایی<br>پەرگرافە یەکلەدوایەك<br>واتای راستەوخۆ |
| -5 | ستراکچەر | - پێشەکی<br>جەستە<br>کۆتایی | -دابەشکردنی پەرگرافەکان<br>-پەیوەستکردنی بە بابەت<br>-دووبارەکردنەوە<br>- دانانی کۆتایی | - یەك پەرگراف-کومەڵە پەرگراف<br>- وردەکاری- سەرچاوە-نموونە<br>- دووبارەکردنەوەی دەستەواژە - رستە |
| -6 | دیزاین | خشتە<br>جیاکەرەوەکان<br>هیڵ<br>رەنگ | | |
| -7 | زمان | ئاسایی<br>بەرز | سادە -هونەری -زانستی | |
| -8 | ئیتیك | راستی و دروستی<br>واقعی<br>بابەتی | سەرچاوە<br>وردی<br>بێلایەنی | هەنوکەیی<br>نوێی<br>واقعی |

**4.21 شیکردنەوەی داتا و زانیارییەکان (ناوەرۆك)**

لێرەدا باس لەلایەنی ناوەرۆکی توێژینەوەکە دەکەین، لەرێگەی بە کارهێنانی ئەو شیکارییەی کە لە فۆرمی سەرەوە دیاریکراوە بەشێوەیەکی گونجاو لەسەر سامپلی توێژینەوەکەمان پراکتیزەکردووە، کە ژمارەیان (26) ژمارەیە لە ماوەی یەك مانگدا رۆژانە دەرچووە جگە لە رۆژانی هەینی کە دەکاتە (4) رۆژ بۆیە دەبێتە (26) ژمارە بەپێی سامپلی وەرگیراوی توێژینەوەکە.

خشتە (1)

دەرخەری ژانرە رۆژنامەوانییەکان لە سامپڵی توێژینەوەدا

| **ڕێژەی سەدی جۆری بابەت** | **دووبارە** | **ڕێژەی سەدی** | **ڕیزبەندی** |
|---|---|---|---|
| ریکلام | 456 | %31.94 | یەکەم |
| راپۆرت | 416 | %29.14 | دووەم |
| وتار | 204 | %14.29 | سێیەم |
| هەواڵ | 168 | %11.77 | چوارەم |
| چاوپێکەوتن | 84 | %6.84 | پێنجەم |
| ریپۆرتاژ | 52 | %3.65 | شەشەم |
| بەدواداچوون | 48 | %3.37 | حەوتەم |
| کۆی گشتی | 1428 | %100 | |

لەم خشتەیەی سەرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ڕۆژنامەی هەولێر گرنگیی تایبەتی بە ڕاپۆرت و وتاری ڕۆژنامەنووسی داوە پانتاییەکی زۆری گرتووە لە لاپەڕەکانیدا لە ڕووی گرنگیی بابەتەکان لە پلەکانی پێشەوەدا دێن لە دوای ڕیکلام کە پاڵپشتیەکی باشی ڕۆژنامەکەیە و ڕووبەرێکی بەرفراوانی لاپەرەکانی ڕۆژنامەکەی گرتووە.

خشتە (2)

دەرخەری شێوازەکانی نووسینی ڕۆژنامەوانیی لە سامپڵی توێژینەوەدا

| ڕێژەی سەدی شێوازی نووسین | دووبارە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| هەرەمی ڕێك | 31 | %38.75 | یەکەم |
| هەرەمی هەڵگەڕاوە | 21 | %26.25 | دووەم |
| هەرەمی ڕێکی پلەبەندی | 11 | %13.75 | سێیەم |
| هەرەمی هەڵگەڕاوەیی پلەبەندی | 7 | %8.75 | پێنجەم |
| هەرەمی مێژوویی | 10 | %12.5 | چوارەم |
| کۆی گشتی | 80 | %100 | |

لەم خشتەیەی سەرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ڕۆژنامەکە زیاتر شێوازی هەرەمی ڕێك بە ڕێژەی (38.75%) پەیڕەوکردووە و بە پلەی یەکەم دێت، و شێوازی هەرەمی هەڵگەڕاوی پلەیی کەمتر بەکارهێناوە کە بە ڕێژەی (8.75%) دەرکەوتووە و بە پلەی پێنجەم دێت. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت ڕۆژنامەی هەولێر گرنگی تایبەتی بە شێوازی نووسینی هەرەمی ڕێك داوە و لە نێو بابەتە بلاوکراوەکانی پەیڕەوکردووە.

**4.2.2 شیکردنەوەی فۆڕمی ڕاپێوی**

لێرەدا باس لە لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە دەکەین، لە ڕێگەی شیکردنەوەی ئەو فۆڕمانەی کە بەشێوەیەکی ڕێکخراو دابەشمان کردوون بەسەر سامپڵی توێژینەوەکەدا، کە ژمارەیان (80) کەسن پێکهاتوون لە (10) کەس لە هەردوو قوناغی سێیەم و چوارەمی قوتابیانی چوار بەشی کۆلێژی ئاداب (ڕاگەیاندن، دەروونزانی، فەلسەفە، کاری کۆمەلایەتی) لە زانکۆی سەلاحەدین.

**1- پرسیارە گشتیەکا**

خشتە ی ژمارە (3)

ڕێژەی دابەشبوونی جەندەریی لای نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە

| ڕەگەز | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| نێر | 38 | %47.5 | دووەم |
| مێ | 42 | %52.5 | یەکەم |
| کۆی گشتی | 80 | %100 | |

سەبارەت بە خشتەی (3) کە پەیوەستە بە ڕەگەزی سامپڵی توێژینەوەکە، بۆمان دەردەکەوێ ڕێژەی جەندەری نێر (47.5%) پێکدێنن، بە پلەی دووەم دێن. و ڕێژەی (52.5%) لە ڕەگەزی مێن، لە پلەی یەکەمدا هاتوون. واتە ڕێژەی خوێنەرانی ڕۆژنامەوانی لەلایەن قوتابیانی زانکۆ زیاتر لە ڕەگەزی مێینەدان کە بە پلە یەکەم دێن و ڕەگەزی نێر لە پلەی دووەمن. کەواتە کچان زیاتر پەیوەستن بە خوێندنەوەی ڕۆژنامەوانی و بەتایبەتی بابەتەکانی ڕۆژنامەی هەولێر.

**2- پرسیارە تایبەتەکان بە توێژینەوە**

خشتەی (4)

ڕێژەی خوێنەری ڕۆژنامەکان لای سامپلی توێژینەوە دەخاتەروو

| هەڵبژاردە | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | 69 | %86.25 | یەکەم |
| نەخێر | 11 | %13.75 | دووەم |
| کۆی گشتی | 80 | %100 | |

سەبارەت بە خشتەی (4) دەربارەی خوێندنەوەی ڕۆژنامەکە بەگشتی، ڕێژەی خوێندنەوەی ڕۆژنامەکان دەخاتەروو، ئەو کەسانەی ڕۆژنامە دەخوێننەوە وەلامی (بەڵێ)یان هەڵبژاردووە (86.25%) وە بە پلەی یەکەم دێن، ڕێژی ئەوانەی بە (نەخێر) وڵامیان داوەتەوە (13.75%) بە پلەی دووەم دێن. واتە لە نێو سامپلی وەرگیراوی توێژینەوەکە بە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ ڕێژەی خوێندنەوەی ڕۆژنامەکان لە ئاستێکی بەرزدایە کە بە پلەی یەکەم دێت و ڕێژەی ئەوانەی ڕۆژنامە ناخوێننەوە لە ئاستێکی نزمدایە و ڕێژەیەکی زۆر کەمن کە لە پلەی دووەمدا دێن.

خشتەی (5)

ئامانج لە خوێندنەوەی ڕۆژنامە لای ئەوانەی بە بەڵێ وەڵامیان داbووەوە

| هەڵبژاردە | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| بۆ وەرگرتنی زانیاری | 40 | 50.63% | یەکەم |
| بۆ زانینی هەواڵەکان | 20 | %25.31 | دووەم |
| بۆ زانینی بیروراکان | 5 | %6.33 | چوارەم |
| بۆ کات بەسەربردن | 14 | %17.72 | سێیەم |
| کۆی گشتی | 79 | %100 | |

سەبارەت بە خشتەی (5) تایبەت بە ئامانج لە خوێندنەوەی ڕۆژنامە، واتە بۆ چ مەبەستێك دەیخوێنیتەوە، بۆمان دەردەکەوێ ئەوانەی بۆ وەرگرتنی زانیاری بە پلەی یەکەم دێن بە ڕێژەی (50.63%)، ئەوانەی بۆ زانینی هەواڵەکان ڕۆژنامە دەخوێنن بە ڕێژەی (25.31%) بە پلەی دووەمدا دێن، هەرچی ئەوانەی بۆ کات بەسەربردن ڕۆژنامە دەخوێننەوە بە ڕێژەی (17.72%) بە پلەی سێیەمدا دێن، و ئەوانەی بۆ زانینی بیروراکان کە ڕێژەکەی (6.33%) بە دوا پلەدا دێن کە چوارەمە. واتە زۆربەی خوێنەرانی ڕۆژنامە ئامانجیان وەرگرتنی زانیاری و زانینی هەواڵەکانە، و کەمتر بۆ وەرگرتنی بیروراکان بووە.

10.24086/cuejhss.v5n2y2021.pp80-93

خشتەی (6)

ڕێژەی خوێنەرانی ڕۆژنامەی هەولێر لە سامپڵی وەرگیراوی توێژینەوەکە

| هەڵبژاردە | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | 57 | %72.15 | یەکەم |
| نەخێر | 22 | %27.85 | دووەم |
| کۆی گشتی | 79 | %100 | |

سەبارەت بە خشتەی ژمارە (6) تایبەت بەو پرسیارەی ڕێژەی خوێنەرانی ڕۆژنامەی هەولێر دیاردەکات ڕێژەی ئەو کەسانەی بە (بەڵێ) وەڵامیان داوەتەوە (72.15%) و بە پلەی یەکەم دێت، وە ڕێژەی ئەوانەی بە (نەخێر) وەڵامیان داوەتەوە (27.85%) وە بە پلەی دووەم دێن. واتە ڕێژەی خوێنەرانی ڕۆژنامەی هەولێر بە هەردوو ڕەگەزەکەوە نێر و مێ لە ئاستێکی باشدایە لە نێو قوتابیانی زانکۆدا.

**3- پرسیارەکانی تایبەت بە ڕۆژنامەی هەولێر**

خشتەی ژمارە (7)

ڕێژەی باشی و گونجاوی خوێندنەوەی بابەتەکانی ڕۆژنامەکە دەخاتەڕوو، لەڕووی جۆر و قەبارەی فۆنت بۆ نووسینی بابەتەکان.

| هەڵبژاردە | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| زۆر گونجاوە | 25 | %36.23 | دووەم |
| تاڕادەیەك گونجاوە | 41 | %59.42 | یەکەم |
| کەم گونجاوە | 3 | %4.35 | سێیەم |
| کۆی گشتی | 69 | %100 | |

سەبارەت بە خشتەی ژمارە (7) تایبەت بە باش و خراپی بابەتەکانی ڕۆژنامەی هەولێر لەڕووی نووسین و فۆنتەکەی، ڕێژەی ئەو کەسانەی هەڵبژاردەی (زۆر)یان هەڵبژاردووە (36.23%) بە پلەی دووەم دێت، وە ئەو کەسانەی وەڵامی (تاڕادەیەك)یان هەڵبژاردووە (59.42%) بە پلەی یەکەم دێت، هەرچی ئەوانەی بە (کەم) وەڵامیان داوەتەوە ڕێژەکەیان (4.35%) بە پلەی سێیەم دێن. واتە بەشێوەیەکی گشتی خوێنەرانی ڕۆژنامەی هەولێر لە نووسین و فۆنتی نووسینی بابەتەکانی ڕۆژنامەکە تا ڕادەیەك ڕازین و پەسەندیان کردووە.

خشتەی (8)

سەرنج ڕاکێشی مانشێتی بابەتەکانی ڕۆژنامەی هەولێر لای خوێنەران

| هەڵبژاردە | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| زۆر سەرنجڕاکێشە | 27 | %38.58 | یەکەم |
| تاڕادەیەك سەرنجڕاکێشە | 25 | %35.71 | دووەم |
| کەم سەرنجڕاکێشە | 18 | %25.71 | سێیەم |
| کۆی گشتی | 70 | %100 | |

سەبارەت بە خشتەی (8) دەربارەی سەرنجراکێشانی خوێنەر بۆ مانشێتی بابەتەکانی ڕۆژنامەی هەولێر. بۆمان دەردەکەوێ کە ڕێژەی ئەو کەسانەی وەڵامی (زۆر)یان هەڵبژاردووە (38.58%) و بە پلەی یەکەم دێن، وە ڕێژەی ئەو کەسانەی وەڵامی (تاڕادەیەك) یان هەڵبژاردووە (35.71%) و بە پلەی دووەم دێن، هەرچی ڕێژەی ئەوانەی بە (کەم) وەڵامیان داوەتەوە (25.71%) بە پلەی سێیەم دێت. واتە مانشێتەکانی بابەتەکانی ڕۆژنامەی هەولێر زۆریان سەرنجی خوێنەریان ڕاکێشاوە بۆ خوێندنەوەی بابەتەکان.

خشتەی (9)

پەیڕەوکردنی بنەماکانی خاڵبەندی لە بابەتەکانی ڕۆژنامەکە دەخاتەڕوو.

| هەڵبژاردن | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| زۆر | 38 | %52.05 | یەکەم |
| تاڕادەیەك | 25 | %34.24 | دووەم |
| کەم | 10 | %13.7 | سێیەم |
| کۆی گشتی | 73 | %100 | |

سەبارەت بە خشتەی (9) تایبەت بە پەیڕەوکردنی بنەماکانی خاڵبەندی لە ڕۆژنامەی هەولێر، ڕێژەی ئەو کەسانەی وەڵامی (زۆر)یان هەڵبژاردووە (52.05%) و بە پلەی یەکەم دێن، وە ئەوانەی وەڵامی (تاڕادەیەك) یان هەڵبژاردووە (34.24%) بە پلەی دووەم دێن، هەرچی ئەو کەسانەی کە وەڵامی (کەم) یان هەڵبژاردووە ڕێژەکەیان (13.7%) بە پلەی سێیەم دێن. واتە ئاستی پەیڕەوکردنی خاڵبەندی لەنێو نووسینی بابەتەکانی ڕۆژنامەی هەولێر لەلای خوێنەرانی لە ئاستێکی بەرزدایە و جێی ڕەزامەندییانە .

خشتەی (10)

ڕێژەی بوونی هەڵەی ڕێزمانی و ڕێنووس لە ناوەڕۆکی بابەتەکان بە گوێرەی سامپڵی توێژینەوە دەخاتەڕوو.

| هەڵبژاردە | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| زۆر | 9 | %13.43 | سێیەم |
| تاڕادەیەك | 43 | %64.18 | یەکەم |
| کەم | 15 | %22.39 | دووەم |
| کۆی گشتی | 67 | %100 | |

سەبارەت بە خشتەی (10) کە پرسیارەکەی دەربارەی ڕێژەی ئەو کەسانەی وەڵامی (زۆر)یان هەڵبژاردووە (13.43%) بە پلەی سێیەم دێت، ڕێژەی ئەوانەی وەڵامی (تاڕادەیەك) یان هەڵبژاردووە (64.18%) بە پلەی یەکەم دێت، هەرچی ئەوانەی بە (کەم) وەڵامیان داوەتەوە بە ڕێژەی (22.39%) و بە پلەی دووەم دێت. واتە بوونی هەڵەی ڕێزمانی و ڕێنووس لەنێو ناوەڕۆکی بابەتەکانی ڕۆژنامەی هەولێر تاڕادەیەك هەیە و پێویستی بەزیاتر بایەخپێدان هەیە.

خشتەی (11)

ڕێژەی پەیڕەوکردنی (وشەی سادە و ڕستەی کورت) لە ناوەڕۆکی بابەتەکانی ڕۆژنامەکە لە سامپڵی وەرگیراوی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو.

10.24086/cuejhss.v5n2y2021.pp80-93

| هەڵبژاردە | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| زۆر | 26 | %33.77 | دووەم |
| تاڕادەیەك | 37 | %48.05 | یەکەم |
| کەم | 14 | %18.18 | سێیەم |
| کۆی گشتی | 77 | %100 | |

سەبارەت بە خشتەی (11) دەربارەی ڕێژەی پەیڕەوکردنی وشەی سادە و ڕستەی کورت لە ناوەڕۆکی بابەتەکانی ڕۆژنامەکە، ڕێژەی ئەو کەسانەی وەڵامی (زۆر)یان هەڵبژاردووە (33.77%) بە پلەی دووەم دێن، وە ڕێژەی ئەو کەسانەی وەڵامی (تاڕادەیەك)یان هەڵبژاردووە (48.05%) و بە پلەی یەکەم دێت، هەرچی ئەوانەی بە (کەم) وڵامیان داوەتەوە بە ڕێژەی (18.18%) بە پلەی سێیەم دێت. کەواتە لە نێو ناوەڕۆکی بابەتەکانی ڕۆژنامەی هەولێر وشەی سادە و ڕستەی کورت تارادەیەك پەیڕەوکراوە و لە ئاستێکی باشدایە و لەلایەن خوێنەرانی پەسەندکراوە.

خشتەی (12)

ئاستی گونجاوی دیزانی ڕۆژنامەکە لەگەڵ بابەتەکان بۆ خوێندنەوە دەخاتەروو

| هەڵبژاردە | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| زۆر | 28 | %36.36 | دووەم |
| تاڕادەیەك | 33 | %42.86 | یەکەم |
| کەم | 16 | %20.78 | سێیەم |
| کۆی گشتی | 77 | %100 | |

سەبارەت بە خشتەی (12) کە پرسیارەکەی دەربارەی دیزاینی ڕۆژنامەکە تا چەند گونجاوە و تاچەند سەرنجراکێشە بۆ خوێنەران، ڕێژەی ئەو کەسانەی هەڵبژاردەی (زۆر)یان هەڵبژاردووە (36.36%) و بە پلەی دووەم دێت، و ڕێژەی ئەو کەسانەی وەڵامی (تاڕادەیەك)یان هەڵبژاردووە (42.86%) و بە پلەی یەکەم دێت، وە ڕێژەی ئەو کەسانەی کە وەڵامی (کەم)یان هەڵبژاردووە (20.78%) وە بە پلەی سێیەم دێت. واتە دیزاینی بابەتەکان و لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی هەولێر لە ئاستێکی مامناوەندیدایە و جێگەی سەرنجراکێشانی خوێنەران بووە بۆ خوێندنەوەی بابەتەکان.

خشتەی ژمارە (13)

ڕێژەی گونجاوی وێنەکان لەگەڵ بابەتەکانی ڕۆژنامەکە بۆ ڕاکێشانی خوێنەر بۆ خوێندنەوەی بابەتەکان بە گوێرەی سامپلی توێژینەوە دەخاتەڕوو.

| هەڵبژاردە | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| زۆر | 29 | %39.73 | دووەم |
| تاڕادەیەك | 31 | %42.46 | یەکەم |
| کەم | 13 | %17.81 | سێیەم |
| کۆی گشتی | 73 | %100 | |

سەبارەت بە خشتەی ژمارە (13) تایبەت بە بەکارهێنانی وێنەکان لەگەڵ بابەتەکان بۆ سەرنجراکێشانی خوێنەر. ڕێژەی ئەو کەسانەی وەڵامی (زۆر)یان هەڵبژاردووە (39.73%) بە پلەی دووەم دێت، وە ڕێژەی ئەو کەسانەی وەڵامی (تاڕادەیەك)یان هەڵبژاردووە (42.46%) بە پلەی یەکەم دێت، هەرچی ئەوانەی بە (کەم) وڵامیان داوەتەوە بە ڕێژەی (17.81%) بە پلەی سێیەم دێت. واتە تارادەیەکی زۆر وێنە بەکارهاتووەکانی بۆ ناوەڕۆکی بابەتەکانی ڕۆژنامەکە توانیویانە سەرنجی خوێنەران بۆ خوێندنی باتەکانی ڕابکێشی.

خشتەی (14)

ڕێژەی سەرنجراکێشانی شێوازەکانی نووسین بۆ خوێندنەوەی بابەتەکان بە گوێرەی سامپلی وەرگیراوی توێژینەوەکە.

| هەڵبژاردە | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| زۆر | 19 | %24.05 | سێیەم |
| تاڕادەیەك | 33 | %41.77 | یەکەم |
| کەم | 27 | %34.18 | دووەم |
| کۆی گشتی | 79 | %100 | |

سەبارەت بە خشتەی (14) تایبەت بە شێوازی نووسینی بابەتەکانی ڕۆژنامەی هەولێر و ڕێژەی سەرنجراکێشانی خوێنەران، ئەو کەسانەی وەڵامی (زۆر)یان هەڵبژاردووە (24.05%) بە پلەی سێیەم دێت، و ڕێژەی ئەوانەی کە وەڵامی (تاڕادەیەك) یان هەڵبژاردووە (41.77%) بە پلەی یەکەم دێت، هەرچی ئەوانەی وەڵامە (کەم)یان هەڵبژاردووە بە ڕێژەی (34.18%) بە پلەی دووەم دێت. واتە تاڕادەیەکی کەم شێوازی نووسینی بابەتەکانی ڕۆژنامەی هەولێر توانیویەتی سەرنجی خوێنەران ڕابکێشی بۆ خوێندنەوەی بابەتەکان.

## 4. ئەنجامی پراکتیکی توێژینەوە

لە کۆتایی بەشی پراکتیکی توێژینەوەکەدا توێژەر گەیشتۆتە چەند خاڵێکی گرنگ وەك:

1. ڕێژەی خوێنەرانی ڕۆژنامە کوردییەکان لەلایەن خوێندکارانەوە لە ئاستێکی بەرزدایە.
2. زۆربەی خوێنەرانی ڕۆژنامەی هەولێر مەبەستیان وەرگرتنی زانیاری و زانینی هەواڵەکانە و کەمتر بۆ کات بەسەربردن ڕۆژنامەکە دەخوێننەوە.
3. خوێنەرانی ڕۆژنامەی هەولێر بە هەردوو ڕەگەزەکەوە نێر و مێ لە ئاستێکی باشدایە لە نێو قوتابیانی زانکۆدا.
4. خوێنەرانی ڕۆژنامەی هەولێر لە نووسین و فۆنتی نووسینی بابەتەکانی ڕۆژنامەکە تا ڕادەیەك ڕازین.
5. مانشێتەکانی ڕۆژنامەی هەولێر زۆریان سەرنجی خوێنەریان ڕاکێشاوە بۆ خوێندنەوەی بابەتەکان.
6. پەیڕەوکردنی خاڵبەندی لەنێو نووسینی بابەتەکانی ڕۆژنامەی هەولێر بە لای خوێنەرانی لە ئاستێکی بەرزدایە و جێی

پەسەندیانە .

7. هەڵەی ڕێزمانی و ڕێنووس لە ناوەڕۆکی بابەتەکانی ڕۆژنامەی هەولێر تارادەیەك هەیە و پێویستی بە بایەخپێدانی زیاترە.
8. لەنێو ناوەڕۆکی بابەتەکانی ڕۆژنامەی هەولێر وشەی سادە و ڕستەی کورت تارادەیەك پەیڕەوکراوە و لە ئاستێکی باشدایە و لەلایەن خوێنەرانی پەسەندکراوە.
9. دیزاینی بابەتەکان و لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی هەولێر لە ئاستێکی مامناوەندیدایە و جێگەی سەرنجراکێشانی خوێنەران بووە بۆ خوێندنەوەی بابەتەکان.
10. وێنە بەکارهاتووەکانی ناوەڕۆکی بابەتەکانی ڕۆژنامەی هەولێر بۆ سەرنجراکێشانی خوێنەران بۆ خوێندنی بابەتەکان گونجاو بوون.
11. شێوازی نووسینی بابەتەکانی ڕۆژنامەی هەولێر بۆ سەرنجراکێشانی خوێنەران بۆ خوێندنەوەی بابەتەکان مامناوەندە.

## 5. دەرئەنجامەکان

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا توێژەر گەیشت بەم ئەنجامانە:

1. خوێندنەوەی ڕۆژنامەکان بەگشتی پەیوەندییەکی هاوتەریبی هەیە لەگەڵ نووسینی بابەتەکانی ڕۆژنامەکە چەند گرنگی و بایەخ بەلایەنی نووسین بدرێت سەرنجی خوێنەران زیاتر دەبێت بۆ خوێندنەوەی بابەتەکان.
2. مانشێتی سەرەکی ڕۆژنامەی هەولێر ڕۆڵێکی گرنگی دەبینێت لە سەرنجراکێشانی خوێنەران بۆ خوێندنەوەی بابەتەکان.
3. وێنەی بابەت و هەواڵەکانی ڕۆژنامەی هەولێر پێویستە لەگەڵ ناوەڕۆکی بابەتەکان گونجاو بێت بۆ سەرنجراکێشانی خوێنەران بۆ بابەتەکان.
4. خاڵبەندی گرنگە بۆ نووسینی بابەتەکانی ڕۆژنامەوانی تاکو خوێنەر تێگەیشتنی هەبێت بۆ بابەتەکان کە لە ڕۆژنامەی هەولێر جێ ڕەزامەندی خوێنەران بووە.
5. ووسین لە ڕۆژنامەکاندا پێویستە پابەند بێت بە یاساوریساکانی ڕێزمانی ئەو زمانەی کە ڕۆژنامەکە پێی دەردەچێت لە ڕۆژنامەی هەولێر (وشەسازی و ڕستەسازی) ئەمە سەرنجی خوێنەر بۆ بەردەوامبوون لەسەر خوێندنەوەی بابەتەکان ڕاکێشاوە.
6. شێوازی نووسینی ژانرەکانی ڕۆژنامەوانی وەك (هەواڵ، چاوپێکەوتن، ڕاپۆرت، ڕیپۆرتاج، وتار، لیکۆڵینەوە)، قاڵبی تایبەتی جۆراوجۆریان هەیە بۆ نووسین ڕۆژنامەکان پەیوەستن بە سەرنجراکێشی خوێنەران لە ڕۆژنامەی هەولێر لە ئاستێکی مامناوەندە.
7. دیزاینی ڕۆژنامەوانی کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر سەرنجراکێشانی خوێنەران هەیە و لەنێو ڕۆژنامەوانیدا گرنگی و بایەخی خۆی هەیە لە ڕۆژنامەی هەولێر لە ئاستێکی باشدایە.

## 6. ڕاسپاردەکان

سەبارەت بە نووسینی ڕۆژنامەکان پێویستە زیاتر بایەخ بە لایەنی نووسینی بابەتەکانی بدرێت لەڕووی زمانەوانی (ڕێزمان و ڕێنووس و واتادا) تاکو زیاتر لە تێگەیشتنی خوێنەر نزیکبێتەوە، هەروەها شێوازە هەرە سەرنجراکێشراوەکانی نووسینی ژانرەکانی بەکاربهێنرێت، لەلایەکی دیکە بایەخ بە دیزاین و مانشێت و وێنە و ڕەنگ و ڕیکلامەکان بدرێت بۆ زیاتر سەرنج ڕاکێشانی خوێنەر بۆ بابەتەکان. ڕۆژنامەی هەولێر تاکۆ ڕێژەی خوێنەرانی زیادتر بکات پێویستی بە دارشتنی سیاسەتێکی نوێی نووسین بۆ ڕۆژنامەکە و بە کەسانی شارەزا و پسپۆڕانی بواری نووسین و دیزاینەر و هونەرکارانی ڕۆژنامەوانی ڕاوێژ بکات.

## سەرچاوەکان


ابراهيم، احمد ابراهيم، (2008)، فن كتابه الخبر والمقال الصحفي، العربي للنشر والتوزيع، القاهره.

ابو السعيد، احمد العبد، (2014)، الكتابه لوسائل الاعلام (صحافه، اذاعه، تلفزيون، ترجمه اعلاميه)، الطبعه الاولى، دار اليازوري للنشر والتوزيع، عمان-الاردن.

ابو زيد، فاروق، عبدالمجيد، ليلى، (2000)، فن التحرير الصحفي، مركز جامعه القاهره، مصر.

بشير، عباد، (2009)، چاوپێکەوتن و بدواداچوون (تەکنیکەکانی کاری مەیدانی ڕۆژنامەنووسی)، وەرگێران: مەم بورهان قانع، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

حسين، سمير محمد، (1998)، تحليل المضمون، عالم الكتب، القاهره.

حوسێن، تالیب، (2007)، ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

دليمي، حميد جاعد محسن، عبدالقادر، اللافي ادريس، (2008)، اساسيات البحث المنهجي في الدراسات الاعلاميه، الطبعه الاولى، منشورات جامعه بنغازي، ليبيا.

ڕەمەزان، ئازاد. (2009). بنەما زمانییەکانی دارشتنی هەواڵ لە ڕۆژنامە کوردییەکاندا. هەولێر.

سدقی، مەنسور، 2008، هەواڵ، ڕاپۆرت و تووێژ، چاپخانەی دهۆك، دهۆك.

شرف، عبدالعزيز، (2000)، فن الكتابه الصحفيه، دار الكتب، القاهره.

شومان، محمد، (2007)، تحليل الخطاب الاعلامي اطر نظريه و نماذج تطبيقيه، المكتبه الاعلاميه، القاهره.

عبدالله، مى، (2011). البحث فى علوم الاعلام والاتصال، دار النهضه العربيه. بيروت - لبنان.
عصمت، عبدالمجيد، (2001) المدخل الى البحث العلمى، دار الشؤون الثقافى، بغداد.
على، هانى محمد، (2005)، مبادئ الترجمه الاعلاميه، منشورات جامعه القاهره، القاهره.
غەریب، سادق حەمە، (2015)، رۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی، چاپخانەی کوردستان، سلێمانی.
کەریمی، بەختیار، (2006) بەرەو رۆژنامەوانی مۆدێرن، چاپی یەکەم، سلێمانی.
هاوژین، عومەر. (2013). تەکنیکی نووسینی میدیایی. هەولێر: چاپخانەی موکریان.
ئیبراهیم، ئاریانا، (2011). شێوازە ئەدەبییەکانی رۆژنامەی خەبات (2003-2006) . چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر.
ئیبراهیم، ئاریانا، (2012). زمانی راگەیاندن دوای پرۆسەی ئازادکردنی عیراقدا. گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، 23-48.
ئیبراهیم، ئاریانا، (2018). زمانی راگەیاندن، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
چاوپێکەوتن، هاودەنگ فاروق، سەرنووسەری رۆژنامەی هەولێر، 27-2-2020.